بزمارەکانی خالید مەجید فەرەج

# شەهادەت..................

هەندێک خانووبەرەی زۆر جوانم بینی کە لە تەواو بوونا بوون ،بە سایەقی تەکسیەکەم ووت ئەو ریزە خانووە هەموو یەک نەخشەیان هەیە و کەرەستەی درووستکردنەکەشیان هەمان رەنگ و جۆرن، دیارە هی کەسێک لەو تازە دەوڵەمەندانەی دوای ڕاپەڕینە و بۆ فرۆشتن و خێرلێکردن درووستی کردوون. ووتی کامانە؟ ووتم ئەوانەی ئەو بەر ، ووتی نا ئەوانە بۆشەهیدان درووستیان ئەکەن، ووتم جا ئەوە بەشی هەموویان ئەکا؟ ووتی نا ئەوە تەنها بۆ شەهیدانی سەرکردە کراون، ئەوان ژمارەیان زۆر نیە، ووتم وەڵڵاهی کارێکی زۆر زۆر باشیان کردووە، یارەبی دەستیان خۆش بێت،ئا ئێستا ئەتوانین بڵێین، ئێمە میللەتێکین هەمووشتێکی باشمان قابیلە، بزانە چەن بە تەنگ خەباتگێرە زیندووەکانمانەوەین ،دوو هێند بەرابەر و بگرە زیاتریش بۆ کەسوکاری شەهیدانمان لە خەمداین، بۆ نا ئەی بەرهەمی خەبات و خوێنی ئەوان نەبوو کە ئەمڕۆژەی بۆ ئێمە دروست کرد ؟ لێتان ناشارمەوە بە بینینی دیمەنی ئەو باڵەخانانە چەند دڵخۆش بووم ئەوەندەش تووشی ڕامانێکی سەیری کردم، ڕووم کردەوە برای سایەق و پێم ووت باشە شەهادەت لەڕێی گەل و نیشتیمانا بەرزترین پلەکانی خۆبەخت کردن نیە؟ ووتی بۆ نایزانی؟ ووتم بەرەوەڵڵا، بەڵام بۆ دڵنیابوونەوە لە مەعلوماتی گشتیم ئەپرسم، ووتی دەکەواتە دڵنیابە وایە. ووتم باشە فەرق لە مابەینی شەهیدێک کە سەرکردەنەبێ، و شەهیدێک کەسەرکردەبێ چیە؟ هەردووکیان خۆشەویستترین سەرمایەی ئینسان کەڕۆحە ،نەیان خستۆتە پێناوی ئەومەسەلەیەی کە باوەڕیان پێیەتی؟ ووتی ئەوە ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە، ووتم دە کەواتە هەردوو لەیەک مەرتەبەیان و وەرەسەشیان ئەبێ بەیەک چاو سەیر بکرێن، ووتی مەبەستت ئەوەیە خانووەکانی ئەمانیش ئەبێ وەکو خانووی ئەوشەهیدانە بێت کە سەرکردەنین؟ ووتم واناڵێم، ووتی ئەچی بکەن، ووتم خانووی شەهیدەکانی تریش وەکو ئەوەی ئەمانی لێبەکەن، ووتی حیکمەت لەوا چیە؟ ووتم ئەگەر لە شەهادەتیشا جێگەی لای سەروو لای خوارو هەبێت ،لەداهاتوو دا هیچ ژنێک نایەڵێ مێردەکەی شەهید بێت ئەگەر لەپلەیەکی بەرزی حیزبیا نەبێت، ووتی ئەگەر وابێ خوا بەوڕۆژەی نەکا ئەم دەورو مەکانەمان لێتێک بچێ، و بکەوینەوە خەباتی شاخ، ئەوکاتە هەموو شەهیدانمان کۆ بکەینەوە چورا کەس دەرناچن ووتم ئاخر منیش لەوە ئەترسم.